# با هەمووومان بچینە سەنگەری پڕ هیممەتی چاک

Ibrahim Melazade
bmalazada@gmail.com

هەڵبەت بەر لەوەی پیرۆزبایی لەکەس بکرێ پێویستە پیرۆزبایی لە سەنتەری هەڵەبجە بکەین بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەیان سەبارەت بە دادگایی کردنی فرانس فان ئانرات. بۆیە لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی خۆم لە سەنتەری هەڵەبجە و کەس و کاری شەهیدان و تێکڕای گەلی کوردستان دەکەم.

ئەو ئەرکەی سەنتەری هەڵەبجە بە پلە یەک پێی هەڵسا ئەمڕۆ بەرهەمەکەیان بینی و دادگای لاهای زیندانی 15 ساڵی بەسەر بازرگانی هۆڵەندیدا سەپاند و پرۆسەی کیمیابارانیشی وەکو پاکتاوی ڕەگەزی ناساند. هەڵبەت ناساندنی تاوانەکانی سەددام و ڕژێمەکەی وەکو پاکتاوی ڕەگەزی دەبێتە یەکێک لە دۆکومێنتە هەرە گرنگەکان بۆ دادگایی گردنی ڕژێمی ڕوخاو و بناغەیەکی پتەو بۆ تاوانبارکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس.

ئەمڕۆ بزەی ئۆخەی کەوتە سەر لێوی کوردستانیانی تێکۆشەر لە دەنهاخ، بە هەزاران فرمێسکی خۆشی لە سەرتاسەری کوردستان بەسەر ڕووە ئاڵ و جوانەکانی خەڵکی کورددا بارین. وێڕای گەڕانەوەی برێک لە ئیعتیباری مەعنەوی بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و قوربانیەکان بە تایبەتی.

ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو، بە هیممەتی دڵسۆزانی گەلەکەمان هەنگاوی گەورەتریشی بەدوادا دێن. ئەگەر ویژدانی دونیا زیندوو بێت، دەبێت بێ ویژدانی ئەنفالچیانی دژە کورد شەرمەزار بکات و ڕورەشی تاهەتایەی بکات.

بەو ئومێدەی ئەو هەنگاوە ببێتە گوڕوتینێکی بە هێز بۆ سەرتاپای سیاسەتمەدار و سەرمایەدارانی کوردستان بۆ چوونە نێو سەنگەرەکانی پێشەوەی خەباتی یاسایی و سیاسی گەلەکەمان بۆ بە ڕەوا ناساندنی کێشەی گەلی کوردستان.

دوبارە پیرۆز....